# عەلییە فەنی ئەستێرەی درەوشاوەی هونەری کوردی

حاجی مەکی ناوی تەواوەی (محەمەد مەکی عەبدوڵڵا مەعروف)ە، بە نازناوەکانی (حاجی مەکی و عەلییە فەنی) ناسراوە، لە ساڵی **١٩٣٩** لە (ئامێدی) لەدایکبووە و دوو خوشك و دوو برای هەبووە و بەهۆی باری گوزەرانی خێزانەکەیەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، ژیان یارمەتی نەدا تاکو قوتابخانە تەواو بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی شتێك بۆ مێژووی کورد بکات، لەساڵی ١٩٥٨، کاتێك کە سەرباز بووە لەشاری هەولێر، تیپێکی هونەری پێکهێناوە بەناوی (خەبات)و لەشاری سلێمانیش بەهەمان شێوە تیپێکی (خەبات)ی هەبووە.

دەربارەی سینەما دەیگوت: «بۆ مێژوو ئەگەر مێژوو راستگۆبێ، من یەکەم فیلمی کوردیم دەرکردووە بەناوی (نێرگز بووکی کوردستان) بەپارەی خۆم، نەك بەپارەی حکومەت، لەساڵی **١٩٩١** لەگەڵ برادەرێکمدا کاك حەمەسەعید حەمەکەریم، کە بەهەردووکمان توانیمان ئەو فیلمە دەربکەین».

ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٥ کە ڕۆژی نمایشی فیلمەکە بوو، هەر ئەو ڕۆژەش کرا بەڕۆژی سینەمای کوردی، حاجی مەکی ١٢٠ بەرهەمی هەیە و یەکەم کاری هونەری شانۆییەك بووە بەناوی (پێکەنین بەبێ یاسا).

دیارترین ئەو بەرهەمانەی کە مەکی پێدەناسرێتەوە بریتین لەشانۆگەرییەکانی باوەژن خوا بناسە، بەقەد بەرەی خۆت پێڕاکێشە، هەروەها نێرگز بوکی کوردستانە کە بە یەکەم فیلمی سینەمایی باشوری کوردستان دادەنرێت.

حاجی مەکی لە چەندین کاری کۆمیدیشدا کردووە، لە دراماکاندا زیاتر کاری لەسەر کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەکردو بە شێوەیەکی تەنزئامێزو کۆمیدی دەیخستنە ڕوو.



حاجی مەکی عەبدوڵلا، شەوی ١٨-١٩/١٢/٢٠١٥ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاك سپێردرا.

**ئەحمەد سالار:**

**کاتێک باسی فیلمی کوردی و تیپ دەکەن وەکو شانۆ، دەبێ باسی حاجی مەکی بکەن**

حاجی مەکی بە هاوبەشی لەگەڵ چەند کەسێك کە هەندێکیان کرێکار و پیشەمەند بوون، تیپی سەندیکای کرێکارانی هەبووە، ئەمەش لە کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە دەستی پێکرد و سەرەتایەك بوو، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەك بوو لە مێژووی شانۆی کوردیدا، لەوەتەی من بیناسم لە پەنجاکانەوە بە خەونی فیلمی کوردییەوە دەژیا، لە ساڵی ١٩٦٣ کەوتە خولیای فیلمێك کە چیرۆکی کامەران موکری بوو، هەوڵی دەدا ئەم فیلمە بەرهەم بهێنێت، لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستان لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت، بەڵام ئەم خەونەی هەر بەردەوام بوو تا (نێرگز بووکی کوردستان)، لە کاتی وێنەگرتنی (نێرگز بووکی کوردستان) لەگەڵ یەکەم ئەکشنی دەرهێنەر سەیرم کرد ئەم پیاوە کوڵ کوڵ دەگریا و هەنسکاوە وەك منداڵ کرۆژ دەکا، چونکە هەموو ئاواتی فیلم بوو و وابزانم لە دنیای هونەردا کەس ئەم شتەی نەبینیوە، من تەنیا ئەوەم لە حاجی مەکی بینیوە، بۆیە کاتێك باسی فیلمی کوردی بکەن، دەبێ باسی بکەن، کاتێك باسی تیپ دەکەن وەکو شانۆ دەبێ باسی حاجی مەکی بکەن.

**زاهیر عەبدوڵلا:**

**کۆڵەگەیەکی پتەوی کۆمیدیای کورد هەرەسی هێنا**

حاجی مەکی هونەرمەندێکی کۆمیدی خورسك بوو کە هەر لە سەرەتای دەستکردنی بە کاری هونەری هەوڵی داوە کێشە وگیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تەنز و کۆمیدیا بگەیەنێت. پێموایە لەم بوارەشدا تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بووە و خۆشەویستی و رێزێکی بێ پایانی لەناو جەماوەر و خەڵکی هونەردۆستی کوردستان بەدەستهێناوە . بۆ من جێگای شانازییە کە لەیەك دوو بەرهەمی شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنی لەگەڵ حاجی مەکی بەشداریم کردووە، هەروەها چەند جارێکیش هاوسەفەری بووم و جێگای دڵخۆشیم بووە. بەداخەوە بە ماڵئاوایی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کۆڵەگەیەکی پتەوی کۆمیدیای کورد هەرەسی هێنا. سڵاو لە رۆحی پاکی و رۆحی شاد و هەمیشە یادی بەخێر.

**یاسین بەرزنجی:**

**جودایی و تایبەتمەنیی خۆی هەبوو**

خوالێخۆشبوو حاجی مەکی، وەك زۆر هونەرمەندی تر، ئەکتەرێکی خۆرسك بوو، واتە بە بێ خوێندنی هونەر، بەهرە و ئارەزووەکانی پەلکێشیان کردبوو بۆ سەر تەختەی شانۆ و بۆ بەر چاوی کامێرا، لەو پێناوەشدا ماندووبێتی زۆری چەشتووە و تەمەنێکی درێژی بەخشیوەتە هونەرەکەی و خۆشەویستیی جەماوەر. رەحمەتی یەك لە ئەکتەرە هەرە دیارەکانی سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی رابردوو بوو، واتە ئەو سەردەمەی تەلەفزیۆنی رەش و سپی میوانی ساتەکانی شەوگارمان بوو، لەو دەمەوە حاجی میوانی هەمیشەیمان بوو، بێ ماندوو بوون هەر دەینووسی و گروپی رێکدەخست و بەرهەمی دەکردە دیاریی ئەو خەڵکە زۆرەی چێژیان لەو کارە میللییانە دەبرد. کاروانەکەی حاجی روو لە دوور بوو، هەندێ لە هاوکارانی لە کارواندا مانەوە و هەندێکی دیکەش لێگەڕان، بەڵام ئەو هونەرمەندە چونکە دەیزانی کارەکانی لە کوردستانی گەورەدا سەدان ئاشنا و رۆشنای بۆ دروست بووە، هەر بەردەوام بوو. وەك ئەکتەر بە هەڵکەوتەی جەستەو دەنگی جۆرە جودایی و تایبەتمەنیی خۆی هەبوو، زیاتریش لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارەکتەری کۆمیدی بۆ خۆی هەڵدەبژارد. خوالێخۆشبوو کاری زۆری کرد و بەری رەنجەکەشی ئەو خۆشەویستییە گەورەیە بە کە گەلەکەی پێی بەخشی. خۆزیا هونەر نانی هونەرمەندانی ئێمەی دابین بکردایە، ئەوسا دەبینرا چۆن کەسانی سەرگەرمی وەك حاجی و سەدانی دیکە چەند ناوازەتر بەرهەمی خۆیان دەنەخشان. سڵاو بۆ گیانی و یادەوەرییەکانی حاجی گیان لای من هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

**هیوا سوعاد:**

**پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان پتەو بوو**

من لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە حاجی مەکی دەناسم، پیاوێکی رووخۆش و خۆش فکر بوو. لە بواری هونەردا زۆر کارا بوو، پیاوێك بوو سەردەمانێك بە هۆی زنجیرە دراماکانی زۆر لە نزیکەوە گوزارشتی لە کێشە و نەهامەتییەکانی گەلەکەی کرد. کەسێك بوو بوێرانە کاری بەرهەمهێنانی دەگرتە ئەستۆ، عەلیەفەندی دیاردەیەکی جوان بوو، زۆربەی هاووڵاتیان لاسایی کەسایەتی ودیالۆگەکانیان دەکردەوە، کەسایەتییەکی رۆح سووك و خۆشەویست بوو، هەمیشە پێوەندی بە هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستانەوە پتەو بوو، حەزی بە کاری هاوبەش دەکرد، هەولێریشی زۆر خۆشدەویست و ماوەیەکی زۆریش ماڵی لە هەولێر بووە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی، سەبووریش بۆ هونەرمەندان بە گشتی و خانەوادەکەی بەتایبەتی.



# تایلۆر یەکەمیانە

ساڵانە گۆڤاری (بیبۆل)ی ئەمریکی یەکەمەکانی لە بوارە جیاجیاکان هەڵدەبژێرێت لە هونەرمەندان و یاریزانان و سیاسەتمەداران لە بواری جوانترین، دەوڵەمەندترین، ڕێکپۆشترین، پڕداهاتترین، باشترین و تەنانەت ناشیرنترین و خراپترینەکانیش پۆلێن دەکات لە رووی جەماوەرییەوە بەتایبەتی لە نێوان هونەرمەندان.

تایلۆر سویفت یەکێکە لە خانمە شۆخە بەناوبانگەکانی هۆلیۆد کە ساڵانە لە سەر فەرشی سووری زۆربەی فیستیڤاڵەکان و بۆنە و ئاهەنگە جیاجیاکان دەردەکەوێت و سەرنجی جەماوەر و ئامادەبووان بە ڕێکپۆشی و جوانیی خۆی رادەکێشێت، هەڵبژاردنی جوانترین و ڕێکترین جلوبەرگەکان یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە ئەم ساڵ گۆڤاری نازناوی ڕێکپۆشترین ئەستێرەی هۆلیۆد و ئافرەتی ناودار ببەخشێتە تایلۆر.

لە لیستەکەدا ناوی هەریەکە لە جنیڤەر لۆپێز و ریهانا هەبوون وەکو گۆرانیبێژ و وەك ئەکتەریش ناوی ئیما ستۆن و ئیما واتسۆن و لۆبیتا نیۆنجۆی خاوەنی ئۆسکاری ئەم ساڵ دەبینران، لە بارەی هەڵبژاردنی تایلۆر گۆڤاری نابراو رایگەیاند کە سویفت لە شێوازی هەڵبژاردنی جلوبەرگیدا هەمیشە مێیەتی و گۆڕانکاری بەردەوامی پێوە دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیکە بەم ئەستێرە ٢٤ ساڵییە دەبەخشێت کە لە زۆر ئەکتەرانی دیکە بەدی ناکرێت.



# کامیرۆن: ژیانی تەنیایی سەختە

جگە لە رۆڵە جددییەکانی بەتایبەتی لە فیلمەکانی ئەکشن وەك (فریشتەکانی چارلی)، ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی کامیرۆن دیاز لە فیلمە کۆمیدییەکانیش زۆر بە سەرکەوتوویی رۆڵەکانی بەرجەستە دەکات و بووەتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بە هۆی ئەوەی ئەکشن و جووڵە کۆمیدیا و پێکەنین زۆر بە جوانی تێکەڵ دەکات، جگە لەو فیلمانەی کە هەموویان ئەکشن یان کۆمیدیان.
لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسیدا کامیرۆن باسی لە چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی دەکات و بە ئاشکرا دەڵێ: ژیان بەبێ منداڵ زۆر خۆشتر و ئاسانتر و ئارامترە، ئەوەشی راگەیاند کە پێك نەهێنانی ژیانی هاوسەری و سەقامگیر بوون و ژیانی تەنیایی کارێکی ئاسان نییە و رەنگە هەموو کەسێك نەتوانێت بە ئاسانی ئەمە ئەنجام بدات.
هەرچەندە ئێستا کامیرۆن لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ گۆرانیبێژی رۆك بینجی مادن، کەچی مکورە لەسەر ئەوەی پێکنەهێنانی خێزان بریارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بیری لەوە نەکردۆتەوە منداڵی هەبێت و دەڵێ: کارم ئەوەندە زۆرە بە جۆرێکە رێگە نادەن کە ببم بە دایك، چونکە ئەوەی دەبێتە دایك بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات، منیش توانای هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیاریەتییەم نییە.
کامیرۆن ئەوەشی نەشاردەوە کە ئێستا ژیانی خۆش و سادەیە، چونکە هیچ شتێکی نییە کاتێکی تایبەتی خۆی بۆ تەرخان بکات و گرنگی پێ بدات و ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم کارەکانی.

# خوێندن کاریگەریی لەسەر ژیانی جیسیکا هەبوو



سەرەڕای ئەوەی ئێستا بە ئەستێرەیەکی دیاری سینەمای جیهانی دادەنرێت و ناوبانگێکی زۆری هەیە، ئەمە جگە لەوەی خاوەن سەروەت و سامانێکی بێ شومارە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموویان جیسیکا ئەلبای ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی زۆر پەشیمانە لەوەی نەیتوانیوە لە زانکۆ بخوێنێت و خوێندنی زانکۆ تەواو بکات و پێیوایە غەدرێکی زۆری لە خۆی کردووە.
جیسیکا بە ئاشکرا وتی: هەستم دەکرد پێویستە داوای لێبوردن لە خۆم بکەم، چونکە من زۆر پەشیمانم کە نەچوومەتە زانکۆ و ئەمەش بە یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ژیانی خۆمی دەزانم، لەم بارەیەوە جیسیکا بە سایتی کۆنتاکت میوزیکی راگەیاند: هەمیشە هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر دەکرد، تەنیا لەبەر ئەوەی نەچوومەتە زانکۆ، هەروەها هەستم دەکرد وەکو پێویست زیرەکیش نیم لە ژیان، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە داوای لێبوردن لە خۆم بکەم، ئەگەرچی من تاکە کەس نیم کە لە زانکۆ بێبەش بم، بەڵام دڵنیام ئەگەر لە زانکۆ بمخوێندبا، لە زۆر رووەوە بەرەو پێشتر دەچووم و زانیاریم زۆر زیاتر دەبوو لەوەی ئێستا بەتایبەتی لە رووی رۆشنبیرییەوە و پێموایە ئەمە بۆ من زۆر پێویست بوو، بەڵام ئیدی ئەمە ژیانە و مەرج نییە هەموو کەسێك بە هەموو خەون و ئاواتەکانی بگات لە ژیان.

# بینەری شانۆ لە پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێردا



ئاری ئاغۆک

لە دوای راپەڕینەوە هونەرمەندان و شانۆکاران هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن کە شانۆ وەك جاران بینەری نەماوەو هۆڵەکان بەو جموجووڵە پڕ لە بینەرەی جاران بەدی ناکرێت! ساڵ دوای ساڵیش هەستمان بەو بۆشاییە کردووە، چەندین سیمینار و گفتوگۆ و کۆڕ و کۆبوونەوە سازکراون لە هەمبەر (قەیرانی بینەر) لەشانۆی کوردیدا، کەچی هیچ دەرەنجامێکی باشی نەبووە. لەگەڵ ئەوەی کە فیستیڤاڵی ساڵانە و تایبەت بە شانۆ کراوە، بەڵام هەمدیس هەستمان بە پەرۆشی بینەر نەکردووە بۆ هۆڵەکانی شانۆ، راستە هەندێ نمایش پێشکەش کراوە، بینەرێکی فراوانی هەبووە و چەندین رۆژ بەردەوامی لە نمایش بینەر هەمیشە چێژی لە بینینی بەشێك لە نمایشی شانۆکاران و دەرهێنەرەکان وەرگرتووە، بێگومان ئەم دیاردەیە جێگای خۆشحاڵی و دڵخۆشیی شانۆکارانە، کە بینەر پەرۆشی ئەم جۆرە نمایشانەیە، هەروەها دەبێت رێکخەرانی فیستیڤاڵ و بەرپرسانی شانۆ لە شاری هەولێر و خودی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە: ئایا بۆچی بەشێك لەنمایشەکان بینەر بە حەزەوە دێتە نێو هۆڵی شانۆ و کاتی خۆی بۆ تەرخان دەکات، لەبەرامبەر ئەویشدا جۆرە نمایشێك بینەری ئێجگار کەمە؟ ئەم پرسیارە بۆ لایەنی دیاریکراو بەجێ دێڵم ! بەڵام ئەوەی گرنگەو مەبەستە ئاماژەی پێ بکەین بینەر لە (پێنجەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ ) یە، کە لە رۆژانی ١٠ تاوەکو ١٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ لە هەولێری پایتەخت سازکرا،

ئەوەی ئێمە هەستمان پێ کرد و بینیمان لە یەکەم رۆژی فیستیڤاڵ و نمایش تا دوایین رۆژ و دوایین نمایش، بینەرێکی زۆر بوونی هەبوو لە هۆڵەکان، جگە لە میوانانی فیستیڤاڵ و شانۆکاران و قوتابیانی هونەرە جوانەکان، ئەوا بینەری گشتی و بینەری هەمەچەشن و بینەری سادە، لە هۆڵەکان بەدی دەکران، بەر لەوەی نمایش دەستپێبکات بە کاتێکی زووتر بینەرەکان لە هۆڵ ئامادە دەبوون و کاتێ کورسییەکان پڕ دەبوون، بینەر لە سەر زەوی دادەنیشت و چەندین بینەرمان بینی لە بێ جێگایی گەڕانەوەو




نەیانتوانی بێنە نێو هۆڵ ناچار، لە نمایش بێبەش بوون!

ئەم حاڵەتە پێمان دەڵێ بینەر حەزی لە شانۆیە، بینەری ئەم شارە پەرۆشی فیستیڤاڵ و بەرهەمی خۆماڵی و بەرهەمی وڵاتانە، بۆیە پێویستە بەرپرسانی شانۆ و خەمخۆرانی شانۆ بە دوای دۆزینەوەی ئەو کلیلەدا بگەڕێن، کە بریتییە لە دەرگای بینەری شانۆ، چونکە ئەوەی هەستمان پێ کرد لە دوو کاتی جیاواز، لە دوو هۆڵی جیاواز، بینەرەکان بەپەرۆش بوون بۆ چوونە نێو هۆڵ، کەواتە گرنگە هەمووان ئەم بزاڤە پڕ لە جوانی و جموجوڵە رەنگاوڕەنگەی هەولێر، بە گەڕ بخەینەوە و بینەر و شانۆ بە تەواوی بەیەك ئاشت بکەینەوە، لەگەڵ هەبوونی تێبینی لە رێورەسمی دەستپێك و کۆتایی فیستیڤاڵ و بینینی هەندێ بەرهەمی لاواز و بچووکیی هۆڵەکانی شار، کە بەداخەوە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و هۆڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان زۆر بچووك بوون بۆ نمایش لە کاتێکدا پێویست بوو، بەرهەمەکان لە هۆڵی رۆشنبیری و پێشەوا نمایش کرابان، بەڵام لەگەڵ هەموو تێبینی و خوێندنەوە هەمەلایەنەکان، دەستخۆشی بۆ رێکخەرانی پێنجەمین ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ شانۆ، ئەو پێنج رۆژە شانۆکاران و نووسەر و رۆشنبیر و بینەران، ئاوێنەی جوانییەکانی دونیای شانۆ بوون، بەیانیان بەدیبەیتی گرنگی شانۆیی و ئێواران بە دوو نمایش ئێمەیان بردەوە نێو زەمەنی پڕ بینەری شانۆ و بە دیداری کۆمەڵە هونەرمەندێکی بەناوبانگی وڵاتان و بە کۆمەڵە شانۆکارێکی کوردستان شاد بووین، کە هەمووان لە باوەشی هەولێردا خۆیان دۆزییەوە.. بۆیە پێویستە بەرپرسانی ئەم بوارە هەوڵبدەن هۆڵێکی گونجاو تەرخان بکەن بۆ نمایشی شانۆکاران، چونکە ئەم دوو هۆڵەی فیستیڤاڵی نمایشەکانی تیا بەڕێوەچوو، هیچ بنەمایەکی شانۆیی نەبوو، هەم لە رووی بچووکییەوە، هەم لە رووی تەکنیکییەوە، بۆیە زۆربەی بینەرەکان بێبەش بوون لە بینینی بەرهەمەکان، بەهیوای هەوڵێکی خێرا بۆ دروستکردنی هۆڵێکی شانۆ بۆ بینەرە پەرۆشەکانی .